ئەم نەعلانەم ببە، هەرکەسێکت بینی لە پشت ئەم باخەوە بە دڵ وبەقینەوە شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله)؛ ئەوا موژدەی چوونە بەهەشتی پێبدە

ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: چەند کەسێك بووین دانیشتبووین بە دەوری پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، وئەبوبەکر وعومەریشمان لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا وڕۆیشت، وزۆر دواکەوت ونەگەڕایەوە، وترساین شتێکی بەسەردا هاتبێت، خێرا ڕاپەڕین وهەموو هەستاین، من یەکەم کەس بووم کە هەستام ودەرچووم بە دوای پێغەمبەری خوادا دەگەڕام -صلى الله عليه وسلم-، هەتا گەیشتم بە باخێکی ئەنساڕەکانی بەنی نەجار، بە دەوریدا گەڕام بۆ ئەوەی دەرگاکەی بدۆزمەوە؟ ودەرگام نەدۆزیەوە! بەڵام جۆگەلەیەکی بچووکی ئاوم بینی کە لە بیرێکەوە هاتبوو ودەچووە ژوورەوە بۆ نێو باخەکە، منیش خۆم باریك وکۆ کردەوە، وچوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەبو هوریرە»، ووتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، فەرمووی: «ئەوە چیتە؟»، ووتم: تۆ لەناو ئێمەدا بوویت هەستایت وڕۆیشتیت، زۆر دواکەوتیت، ئێمەیش ترساین شتێکت بەسەردا هاتبێت، هەموومان ڕاپەڕین، من یەکەم کەس بووم کە ڕاپەڕیم، هاتم بۆ لای ئەم باخە، وەکو ڕێوی خۆم کۆکردەوە بۆ ناو باخەکە، ئەو خەڵکەیش لە پشتمەوەن. فەرمووی: «ئەی ئەبو هوریرە»، ونەعلەکانی پێدام، وفەرمووی: «ئەم نەعلانەم ببە، هەرکەسێکت بینی لە پشت ئەم باخەوە بە دڵ وبەقینەوە شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله)؛ ئەوا موژدەی چوونە بەهەشتی پێبدە»، یەکەم کەس کە پێی گەیشتم عومەر بوو، ووتی: ئەبو هورەیرە ئەم نەعلانە چییە؟ ووتم: ئەمە نەعلەکانی پێغەمبەری خودان -صلى الله عليه وسلم-، بە ئەمانەوە ناردمی وبە هەرکەسێك بگەم کە شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله) بە دڵنیایی وباوەڕەوە لە دڵیدا، ئەوا موژدەی بەهەشتی پێدەدەم، عومەر بە دەستەکانی کێشای بەسەر سنگمدا بۆیە لەسەر سمتم کەوتم بەسەر زەویدا، ووتی: بگەڕێوە ئەی ئەبو هورەیرە، منیش گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، دڵم زۆر پڕ بوو؛ خەریك بوو دەگریام، وعومەریش بەدوام کەوت، ڕێك لە پشتمەوە بوو، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە چیتە ئەی ئەبو هورەیرە؟»، ووتم: گەیشتم بە عومەر، ئەوەم پێ ووت کە تۆ باستکرد، بەڵام کێشای بەسەر سینگمدا ولە سەر سمتەکانم کەوتمە سەر زەوی، فەرمووی: بگەڕێوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی عومەر، چی وایلێکردیت ئەوە بکەیت؟»، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، باوك ودایکم بە فیدات بن، ئایا ئەبو هورەیرەت نارد بە نەعلەکانتەوە، وکە گەیشت بە هەرکەسێك شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله) بە دڵنیایی وباوەڕە لە دڵیدا؛ موژدەی بەهەشتی پێبدات؟ فەرمووی: «بەڵێ»، -عومەر- ووتی: وا مەکە، دەترسم خەڵکی تەنها پشت بە ئەمە ببەستن، وازیان لێبێنە کردەوە ئەنجام بدەن، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کەواتە وازیان لێبێنە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانی دانیشتبوو لەوانەیش ئەبوبەکر وعومەر، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا وبۆ ماوەیەك نەگەڕایەوە، هاوەڵان ترسان لەوەی شتێکی بەسەردا هاتبێت لەلایەن دوژمنانەوە؛ بەدیل گرتنی یان شتی تر. بۆیە هاوەڵان بە ترسەوە هەستان -ڕەزای خوای لێبێت-، یەکەم کەس بەو شێوەیە هەستا ئەبو هورەیرە بوو -ڕەزای خوای لێبێت- هەتاوەکو گەیشتە لای باخێکی بەنی نەجار، بە دەوری دەسوڕایەوە بۆئەوەی دەرگایەك بدۆزێتەوە بۆ چوونە ژوورەوە کەچی نەیدۆزیەوە، بەڵام دواتر بۆشاییەکی بچووکی دۆزیەوە کە ئاوی لێوە دەچووە ژوورەوە بۆ نێو باخەکە، لاشەی کۆکردەوە وچووە نێویەوە وبینی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەوێیە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوە تۆی ئەبو هورەیرە؟ ووتی: بەڵێ. فەرمووی: چیت دەوێت؟ ئەبو هورەیرە ووتی: لەنێوماندا بوویت، هەستایت وبۆ ماوەیەك دیار نەمایت، ترساین لەوەی تۆیان بردبێت، بۆیە بە ترسەوە هەستاین، وبەکەم کەس من بووم کە هەستام، هاتم بۆ لای ئەم باخە، وخۆم کۆکردەوە وەکو

ڕێوی هەتاوەکو هاتمە ژوورەوە، وئەو خەڵکەیش لە پشتمەوەن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەعلەکانی پێدا وەکو نیشانەیەك لەسەر ڕاستگۆیی لە قسەکانیدا، وپێی فەرموو: ئەم نەعلانەم ببە، هەرکەسێکت بینی لە پشت ئەم باخەوە کە شاهێدی دەدا بە (لا إله إلا الله:هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە الله)؛ دڵنیا بێت سەبارەتی لە دڵیەوە وهەرکەسێك ئەم سیفەتەی تێدا بێت ئەوا موژدەی چوونە بەهەشتی پێبدە. یەکەم کەس کە پێی گەیشت عومەر بوو، پێی ووت: ئەم نەعلانە چین ئەی ئەبو هورەیرە؟ ووتی: ئەمە نەعلەکانی پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم-، منی پێیان نارد کە گەیشتم بە هەرکەسێك شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله)؛ ودڵنیا بێت سەبارەتی لە دڵیەوە ئەوا موژدەی چوونە بەهەشتی پێدەدەم. عومەر بە دەستەکانی دای لەسەر سینگی ئەبو هورەیرە ئەویش لەسەر سمتی کەوت، ووتی: بگەڕێوە ئەی ئەبو هورەیرە، منیش گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ترسەوە وڕەنگم گۆڕا بوو وئامادە بووم بۆ گریان، عومەر شوێنم کەوت ولە پشتمەوە ڕێی دەکرد. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوە چیتە ئەی ئەبو هورەیرە؟ ووتم: گەیشتم بە عومەر، ئەوەم بۆی باسکرد کە تۆ فەرمووت، دای لەسەر سینگم ولەسەر سمتم کەوتم، ووتی: بگەڕێوە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەی عومەر، چی وایلێکردیت ئەوە بکەیت؟ عومەر ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، باوك ودایکم بە فیدات بن، ئایا ئەبو هورەیرەت نارد بە نەعلەکانتەوە، وکە گەیشت بە هەرکەسێك شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله) بە دڵنیایی وباوەڕە لە دڵیدا؛ موژدەی بەهەشتی پێبدات؟ فەرمووی: بەڵێ. عومەر ووتی: وا مەکە، دەترسم خەڵکی تەنها پشت بە ووتنی ئەمە ببەستن وکردەوە نەکەن، وازیان لێبێنە با کردەوە ئەنجام بدەن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: کەواتە وازیان لێبێنە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10094